# لە نەوەی کۆنو نوێوە بۆ رۆژنامەگەریو لەوێشەوە بۆ کۆمەڵی مەدنیو دیموکراسی گەنجانی حاجیاوا بەربەرەکانێی گەرما دەکەن

لە هێڤارەوە
Hevar_1@yahoo.com

کۆمەڵی مەدەنی لە لایەن ( م ئەحمەد محمد مستەفا) و ( دیموکراسی ) لە لایەن ( هەندرین شیخ راغب ) لە تازەترین تەوەرەکانی چالاکیەکانی (سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە) بوون کە رۆژانی ١٢ - ٢٠٠٧/٨/١٣ و لە میانەی کۆرسێکی رۆشنبیری شارۆچکەی حاجیاوا ووترانەوە کە تێیدا وێرای گەرما و بێشوێنی جێگاکە بەدەیان گەنجی کورو کچی ئەو شارۆچکەیە ئامادەبوون و بەشداریان لە بابەتەکاندا کرد بەمەش گفتوگۆ و راگۆرینەوەیەکی زۆر لەسەر چەمك و ماناکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی کرا کە گەنجان پێویستە رۆڵی دیار لە بنیات نانیاندا بگرێن و وەك توێژێکی کارا و چالاك و ببنە بەشێك لە پرۆسەی فشار و سەرپێچیکردنی مەدەنی بۆ گەشەکردنی کەلتووری دیموکراسی و دامودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەمەش زۆرتر جەخت لەسەر سەرپێچکردنی مەدەنیانەی گەنجان کرایەوە کە پێویستە گەنجان خۆیان پێشەنگ و رێوان و رێبەری بن. جێگای ئاماژەیە ئەو هەوڵە رۆشنبیریەی سەنتەری گەنجانی رانیە بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەرۆك بۆ شارو شارۆچکە دووورەکان کە تێیدا جگە لە چەندین چالاکی هەمەجۆری پەروەردەیی و فێرکاری و زانستی چەندین کۆرسی رۆشنبیریش دەوترێنەوە . پێویستە بگوترێت حاجیاوا یەکێکە لەو شارۆچکە گەورانەی کە رێژەیەکی زۆری گەنجی کورو کچی تێدا نیشتەجێیە بەلام بەداخەوە گەنجانی ئەو شارۆچکەیە وەك هەموو شارۆچکەکانی تر لە زۆربەی خەون وخولیاکانیان بێبەشن .

.



